چاوپێکەوتن

ئیزابیل ئەلیندی
بەشێک لە رۆحی خۆی دەداتە (ئینیس)ی پاڵەوانی

# کە دایکم مرد ڕۆمانێکی سێکسی دەنووسم

و: عەبدوڵڵا مەحموود زەنگنە

ئیسپانیا بە پەیوەندییەکی خۆشەویستی و هاوکات ڕقەوە من بەخۆیەوە دەبەستێتەوە

ئەدەب لە ژیانمدا گرینگییەکی زۆری هەیە و بەبێ ئەو گوزەران ناکەم

ئەمریکای باشوور لە سۆراخی چارەسەر و ئەلتەرناتیشدایە بۆشاییەکی قووڵ و بەرفراوان لە نێوان هەژار و دەوڵەمەندا هەیە

ئێمەی ئەمریکی لە کۆمەڵگەیکەدا دەژیین کە تادێت زیاتر وابەستەی ئاین دەبین



ئیزابیل ئەلیندی

چەندین ڕووداو و ئامـانج لە ژیانی (ئیـزابیل ئەلیندی)دا ڕۆڵیـان هـەبووە، لەوانەش هاوسـەرگیـریی یەکەمی کـە ڕێگەی چوونە دەرەوە و کـرانەوەی بۆ دەسـتـەبەر کـرد، کـودەتاکـەی سـاڵی ١٩٧٣ی چیلی و لە مـەنفـا ژیانی، لە دایکبوونی دوو منداڵی، یەکەمین ڕۆمـانی (ماڵی ڕۆحـەکان) هـاوسەرگیـریی دووهـەمـی کـە گـەیاندییـە ئەمـریکا، ئەو وڵاتەی ئەمـرۆ ئەلیندی هەڵگری ڕەگەزنامـەیەتی، مردنی (پاولا)ی کچی بەهـۆی هەڵەیەکی پزیشکییەوە کە دوای گـوزەرکـردنی چواردە سـاڵ بەسـەر مـەرگـیدا هێـشـتـا نـەک هەر لە نووسینەکانیدا بەڵکو لە قسەکردن و ڕۆحیشیدا ئامادەگیی هەیە.

ئەم دیدارە لەلایـەن (فـرجـینیـا دریک)ی کـچـە ڕۆژنامـەنووسی ئەمریکیـیـەوە ئەنجام دراوە کە زۆر لایەنی ژیانی ئیزابیل ئەلیندی دەگرێتەوە.

*** ئایا جگە لە مەرگی (پاولا)ی کچت هیچ ئەزموونێکی تاڵی ترت هاتۆتە ڕێ؟**

– لە ئیـسـپـانیـادا باشـتـرین و هـاوکـات ناخـۆشـتـرین ئەزمـوونم تووش هـات، هـەمـوو ڕۆمـانەکـانم لەوێ بڵاوبۆتەوە و سـەرکـەوتنیـشـیـان بـە دەست هێناوە. بۆیـە ئیـسـپـانیـا بە پەیوەندییەکی خۆشەویستی و هاوکات ڕقەوە من بەخۆیەوە دەبەستێتەوە و وەک پەیوەندیی ئیسپانیا وایە بە ئەمریکای باشوورەوە، واتە بە هێزو دوالیزمەییشە.

*** رات چییـە بەرانبـەر رەوتی چەپی نوێ لە ئەمـریکای باشـوور، ئیـبـۆ مـۆرالیس، لولا، شافیز؟**

– ئەمـریکای باشـوور لە سـۆراخی چارەسـەر و ئەلتـەرناتیـڤدایە بۆشـاییـەکی قـووڵ و بەرفراوان لە نێوان هـەژار و دەوڵەمـەندا هـەیە، ئەم حـاڵەتەش لە ڕەوتـە سـیـاسـیـیـەکەیدا لە هەموو وڵاتێکدا هەیە، ناتوانین بەراورد بکەین لە نێوان (مـیشیل باشلیت)ی سەرۆکی چیلی و (هـۆگـۆ شـافـیـز)ی سـەرۆکی فـەنزوێلادا بکەین، بەهـەمـان شـێـوە (شـافـیـز) لەگەڵ (لۆلا) و (لۆلا)ش لەگەڵ (ڤیدل کاسترۆ).

*** پێت وانییە (شافیز، کاسترۆ، ئیبۆ مۆرالیس) تێگەیشتوون؟**

– سـەرۆک (شـافیز) کـەسێکی کێشـەخوازە و پێوەندی لەگەڵ ئەودا بۆ هـیچ کـەسێک باش نیـیـە. ئیـبـۆ مـۆرالیس لە هـەمـوویان باشـتـرە، لەبەرئەوەی ئەوە یـەکەمـجـارە کـەسـێک لە دانیـشـتـووانی ڕەسـەن لە چینی هەژاران لە وڵاتێکی ڕەگـەزپەرەسـتـیـدا بگاتە پۆسـتی سـەرۆکایەتی. لە وڵاتێکدا کـە مـاوەی (٥٠٠) سـاڵە سـپی پێسـتـەکان دەسـتـیـان بەسـەر

ئابووریدا گرتووه.

*** داخۆ ئەم رەوتی چەپەی ئەمریکای باشوور لە چەپی ئەم دونیایە جیاوازە؟**

– شێوازێکی جیاواز بۆ بینینی مرۆڤ لە زەویدا. من زۆر گەشبینم و پێموایە ئەم بزاڤانە پێویستن و پەرچە کردارن لە دژی ئەمریکا لە بەرانبەر خراپ مامەڵەکردنی لەگەڵ ئەمریکای باشووردا، ئەگەر ئەمریکا شتێکمان نەداتێ بۆچی دەبێ ئێمە شتی بدەینێ.

*** وا نابینیت کە پشتکردنمان لە ئەمریکا مەترسیی هەبێت؟**

– بەڵێ، زۆر مەترسیدارە ئەگەر زۆر نزیک بیت. بەڵام چەندە ترسناک بێت لەم ئان و ساتەدا دەسەڵاتی سنووردارە و ناتوانێت رووبەڕووی هەموو جیهان بێتەوە.

*** تۆ وەک کەسێکی (چیلی)ی هەڵگری رەگەزنامەی ئەمریکی وا دەڵێیت؟**

– من ئەمریکیم بەڵام رەگەزم جیاوازە وەک نیوەی ئەم گەلەی وا لە ئەمریکادا دەژین.

*** ئەمریکا وڵاتێکی ئازادە و کەچی دەبینین توندڕەویی تێدا دەردەکەوێت؟**

– ئێمەی ئەمریکی لە کۆمەڵگەیکەدا دەژیین کە تادێت زیاتر وابەستەی ئاین دەبین. فەندەمێنتالیزمی ڕاستڕەوی مەسیحی هاوشێوەی فەندەمێنتالیزمی تالیبانە، گەر بتوانن ئەمانیش ئێمە دەخەنە توێی پەچە و نیقابەوە. ئەمانیش لە دژی هەموو توێژینەوەیەکی زانستین و لە دژی تیۆرەکەی داروین و پرسی لە باربردن و کەمکردنەوەی منداڵبوون. مژدەدەرە ئینجیلیەکان دەڵێن دەبێ ژن ملکەچی پیاو بن، ڕێژەی ئەم فەندەمێنتالانە لێرە ٢٣٪ و من ئەوە زۆر بە مەترسیدار دەزانم. ئەوان هەڵایەکی ڕاگەیاندنیان هەیە و کاریگەریی ڕاستەوخۆیان هەیە لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا لەسەر نوێنەرەکانمان. کاریگەرییان هەیە لەسەر دادگا و یاساکان.

*** سیاسەتوانی ئەمریکی تەنانەت ئاین تێکەڵی وتارەکانیشی دەکات؟**

– وایە، ئەگەر وانەکات دەنگی پێ نادەن، بۆیە پێویستییان بەو ٢٣٪ دەنگی ئەوانە، من ئەوە زۆر بە مەترسی دەزانم و دەروونم ئازار دەدات، ئەم کۆمەڵگەیە سەرباری داوێن پیسی و دڵڕەقی و توند و تیژی، وشکی و عەبوسێکەی سەدەکانی ناوەڕاست پەیڕەو دەکات.

*** بۆ ناسین و شارەزابوونی جیهان دەبێ گەشت و گوزار بکرێت، خەڵکی ئەمریکای باکوور کەم گەشت دەکەن.**

– ویلایەتە یەکگرتووەکان وڵاتێکی دێهاتی و هاوکات نەتەوەییە و بەماناوە دەروانێتە نێو خۆی. پەیوەندیی زیاتر لەگەڵ نێوخۆدایە و حەز بە ناسینی دەرەوەی خۆی ناکات، سەیرەکە

لەوەدایە تەنانەت ١٠٪ش لە پارلەمانتاران پاسپۆرتیان نییە، بۆیە لە ئەمریکا دەرنەچوون. یەکەمین سەفەری (بۆش) بەرلەوەی ببێتە سەرۆک ئەوە بوو لەگەڵ باوکیدا چووە فەرەنسا، دوای گەڕانەوەی ئەو گەشتەی بە ناخۆشی لە قەڵەم داوە.

لێرە کەس مێژووی جیهان ناخوێنێت، بەڵکو هەر یەکە و مێژووی ئەو ئەکتەرە دەخوێنێتەوە کە بە دڵێتی و هیچ زانیارییەکی نییە تەنانەت لە بارەی شوێنی ئەمریکا و لەسەر نەخشەی جیهان. ئەوان لە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیدا نەیانزانی نەخشەی وڵاتەکەیان دیاری بکەن، هەموو وا دەزانن ئەمریکا نەخشەی جیهانە. کەس نەیدەزانی لەسەر نەخشەی جیهان و یلایەتەکەی دەکەوێتە کوێوە.

*** ڕەنگە لەبەرئەوە بێت وا بزانن پێویستیان بەو زانیارییە نییە؟**

– ئێمە لە لوتکەی سەردەمی ئینتەرنێت و تەکنۆلۆژیای زانیاریدایین، لاوی ئەمریکی لە ڕێی ئینتەرنێتەوە لەگەڵ ئەسیوپیادا پێوەندی دەگرێت، کەچی شوێنی وڵاتەکەی لەسەر نەخشە نازانێت، ئەوان لە جیهانێکی گریمانەکراودا دەژین.

*** ئەگەر کودەتاکەی (١١) ئەیلوولی ١٩٧٣ی چیلی نەبوایە دەبوویتە نووسەر؟**

– زۆر گومانم لەوە هەبوو. ڕەنگە لە ڕۆژنامەنووسی بەردەوام بوومایە. بەڵام جارێکی تر دەیڵێمەوە، ئەدەب لە ژیانمدا گرینگییەکی زۆری هەیە و بەبێ ئەو گوزەران ناکەم.

*** ڕۆژێک لە ڕۆژان (پابلۆ نیرۆدا) پێی وتیت: مادام تۆ تا ئەو رادەیە شت دەخوڵقێنیت واز لە ڕۆژنامەنووسی بێنە و خۆت بۆ ئەدەب تەرخان بکە، لەوێدا کە خەوشەکان دەبنە داردەی دیار و خراپە و گوناهیش دەبێتە چاکە. تۆش بە قسەت کرد؟**

– بەڵێ، ئەگەر ئەو درۆیانەی هەڵمدەبەستن ڕاستییەکی قووڵ و حەقیقەتیان نەبوایە، لە کتێبەکاندا جێی متمانە نەدەبوون.

*** ئایا پێتوایە دواجار لە چیلیدا، دادپەروەری دێتە ئارا؟**

– بەرلەوەی دادپەرەوەری بێتە ئارا لە چیلیدا بینۆشێ دەمرێت. بۆ ئەو دادپەروەرییەش هەوڵ هەیە و ئەو هەوڵەش ناسراوە و سەرەتای ئاشتبوونەوەش ڕاستییەکەیە.

مەگەر کەسێکی شێت لە دژی ئەوە بوەستێت. بەڵام پێموایە لە چیلیدا کەسێک نەماوە ئەو حەقیقەتە نەناسێت. لای کەمی ئەوە سەرەتایەکە کە پێ گەیشتووین واتە دادگاییکردنی هەرکەس کە بتوانین لە دادگادا ڕایبگرین و بیدەینە دەست یاسا و دادپەروەری و ئەمەش کارێکی گرانە. ئەمڕۆش لە جیهاندا خەڵکی زۆر هەن لە یاسا دەرچوون.

*** دوو ژن هەن ناویان (ئیزابیل ئەلیندی)یە، کچەکەی سلفادۆر ئەلیندی وتۆ، کچی مامەکەت لە خەباتی سیاسیدا بەردەوام بوو؟**

– لە ڕووی ئایدۆلۆژیاوە هەردووکمان یەک ئاراستەمان هەیە، بەڵام هەر یەکەمان ژیانی جیاوازی خۆی هەیە. هەندێ جار داوای لێ دەکەن ئیمزا لەسەر کتێبەکانی من بکات و دەیکات. کاتێکیش باسم دەکەن گوایە لە خۆپیشاندانێکی حیزبی شیوعیی ئیتالیادا بەشدار بووم، دەڵێم ڕاستە. ئێمە بەوە زۆر بەختەوەرین.

*** ئیزابیل ئەلیندی تا چەندە چالاکە؟**

– زۆر باش. من هەرگیز هەستم بە شکست نەکردووە تەنانەت لە مەرگی (پاولا)شدا.

*** نووسینی ڕۆمانی دووهەم گران دەبێت دوای ئەوەی ڕۆمانی یەکەم سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت؟**

– سێهەمیش (بەپێکەنینەوە). ڕۆمانی (ماڵی ڕۆحەکان) وەک مامۆستا وایە لە ژیاندا، ئەوە (٢٥) ساڵە ئەم ڕۆمانە لە بازاڕدایە و هێشتا لە چاپ دەدرێتەوە. ئاخر ئەوەش ڕەوا نییە لەگەڵ ڕۆمانێکدا بیخەینە کێبەرکێوە کە تازە بەتازە هاتۆتە بازاڕەوە هەرچەندە ڕۆمانی (پاولا) یەکێکە لە شاکارە جیهانییەکان.

*** وەک پێویست ئازارەکانت دەرنەبڕیوە، چیرۆکەکەت نمایش نەکردووە؟**

– بە پێچەوانەوە. من ئەوەندەم کردووە. کە بەشداری ئازارەکانی خەڵکیم کردووە. کاتێک ڕۆمانی (پاولا)م نووسی هەزاران نامەم پێ گەیشت کە ئێستاش لای خۆم پاراستوومن. هەندێک لە بڵاوکەرەوەکان نامەکانیان لە چاپ دا چونکە لە کتێبیان بە باشتر زانی. خەڵکی هەموو منیان لە ژیانی خۆیاندا بەشدار کرد کە تا ڕادەیەک هاوشێوەی ژیانی خۆم بوون. هەموویان بە هۆی زیانی زۆری ژیانیانەوە ئازاریان چەشت.

*** ژیان دواجار ئەوەت لێ دەستێنێتەوە کە پێی داویت وەک ئەوەی بیێنە ئەم ژیانەوە بۆ ئەوەی هەموو شتێک لە دەست بدەین.**

– بەڵێ، لە دەستدانی و دواتر دەستپێکردنەوە، بۆیە من دەمەوێ بەردەوام بیر لەم ئازارانە بکەمەوە. گرنگترین ئازارەکانم ئەو ساڵەیە کە (پاولا)ی کچم کۆچی دوایی کرد و سێ ساڵی دوای مردنەکەیشی تا ئەو ساتەی خۆم ڕاگرتەوە. ئەوەش وایکرد ببمە ئەو مرۆڤەی کە ئەمڕۆ هەم و ناشمەوێ ئەو ڕووداوە جەرگبڕەم لەبیربچێتەوە.

*** دوای ساڵێک لە مردنی (پاولا)، هاوسەرەکەیشت (ویلی) کچەکەی لە دەست دا، دەڵێن**

**ترازیدیاکان بە تێپەڕبوونی کات خەڵکی لەیەک دادەبڕن؟**

– لە ڕاستیدا لەوەدابوو تەڵاقی خۆم لە (ویلی) وەربگرم، بەڵام دانیشتنی چارەسەرکردنە دەروونییەکان ڕزگاری کردین، کە (پاولا) نەخۆش کەوت هەموو شتێکمان دواخست، من گەڕامەوە ئیسپانیا و دووساڵ لە (ویلی) دوورکەوتمەوە. کە کچەکەم نەخۆش کەوت ئیتر ژیانم لێ تاڵ بوو و تا بتوانم سەرپەرشتیی بکەم، دوای مردنیشی لە نێو خەم و پەژارە کەوتمە نووسین، (ویلی) هاوسەرم هەستی دەکرد کە دوورە و ناگات بەمن، دواتر کچەکەی ئەویش کە خووی بە مادەی هۆشبەرەوە گرتبوو لە هەلومەرجێکی ناهەمواردا مرد، لە دوای خۆیشی بەرمەمکانەیەکی زۆر نەخۆشی جێهێشت.

*** ڕۆمانی داهاتووت لە بارەی چییەوە دەبێت؟**

–نازانم، من باز دەدەم، یاداشتنامە، ڕۆمانی مێژوویی، ئەدەبی منداڵان دەنووسم، تا ئێستا ڕۆمانم لە بارەی سێکسەوە نەنووسیوە، چاوەڕێم دوای مردنی دایکم ڕۆمانێکی سێکسی بنووسم.

*** بۆ هێشتا ئەو لە کارەکانت ورد دەبێتەوە؟**

– لە تەمەنی ٨٦ ساڵیدایە و هێشتا بیرتیژ و وریایە. بەڵام ئەوەندە دەسەڵاتی نییە هەرچەند ئەو یەکەمین کەسە ڕۆمانەکانم دەخوێنێتەوە.

*** ژیان چیی تێدایە شایانی ئەوە بێت بەردەوام خەباتی تێدا بکرێت؟**

– من ژیانێکی تایبەتم هەیە، من لە هەمووان کەمتر ئازارم چەشتووە، ڕیپۆرتاژێکم بینی لە بارەی نەوەی سێهەمی ڤێتنامەوە، ئێستاش لەو وڵاتەدا بەهۆی ئەو بۆمبەی ئەمریکاوە منداڵان بە شێواوی لە دایک دەبن. خەڵکی هەموو ئازار و مەینەتی دەچێژن. دنیا پڕە لە هەژاری و برسێتییەکی تا سروشتی نەخۆشی و پەتای جۆراجۆر هەیە. ژیان لێت وەردەگرێت و پێشت دەبەخشێت.

*** بەچ شێوەیەک پارێزگاری لەم روخسارە جوانەت دەکەیت؟**

– ماکیاژی زۆر و چارەسەری لەیزەری ساڵی دووجار بۆ ئەوەی پەڵە و لۆچەکان لابەرم.

*** ئەگەر پێویست بێت نەشتەرگەریش ئەنجام دەدەیت؟**

– بێگومان، پرچم بۆیاخ دەکەم و ئامادەی ئەوەیشم نەشتەرگەری بکەم لە پێناوی پارێزگاری کردن لەم شێوە و روخسارەم.

*** جا ئەمە بۆخۆت وا دەکەیت یان بۆ ئەوەی (ویلی) ئاوا بەجوانی بتبینێت؟**

– ئەو بەلایەوە گرنگ نییە، بۆ خۆم وا دەکەم، چونکە کاتێک خۆم وا بەجوانی دەبینم بەختەوەر دەبم.

*** دڵت خۆشە؟**

– زۆر، بەلای منەوە جلوبەرگ زۆر گرنگە. هەروەک دەبێ نێوماڵیش جوان بێت. هەروەها شێوازی نان و خواردن دانانیش.

*** ئایا دەکرێت بۆ کەمێکیش بێت بە خانمی ماڵت دابنێین؟**

– نەخێر، من حەزدەکەم لە پیسیی دەوروبەرمدا بم نەک گسکی کارەبایی بەکاربهێنم. کرێکاریم پێ باشترە لەوەی ماڵەوە پاک بکەمەوە. لە ئیشی ماڵەوە ناخۆشتر نییە.

*** وەرزش دەکەیت؟**

– نەخێر، تەنها لەگەڵ سەگەکەمدا دەچمە دەرەوە. هەفتەی جارێک یۆگا دەکەم.

*** مەساج دەکەیت؟**

– نەخێر. حەزناکەم دەستی کەسم بەرکەوێت ناشچم بۆ ساونا.

*** هەموو خواردنێک دەخوێت. یان هەرشتی سروشتی دەخوێت؟**

– تێکچوویت! هەموو خواردنێک دەخۆم. زۆر حەزم لە هەمبەرگری چەورە. بەڵام کەم دەخۆم چونکە من کورتەباڵام.

*** کێ چێشت لێدەنێت؟**

– ویلی، ئەو هەموو ڕۆژێ شت دەکڕێت و خواردنیش ئامادە دەکات. هەرگیز خواردنی ئامادە ناکڕێت. چێشتی سووک و بەتام لێدەنێت. من چێشتی قورستر لێدەنێم بە تایبەتی کە میوانمان هەبێت.

*** ناترسیت (ویلی)ت لە دەست دەربکەن.**

– چەند خۆشە ئەبێت! با ببیەن، هەر دوای چەند ساڵ کە تووشی شێرپەنجەی پرۆستات دەبێت، ژنێکی تر ئاگای لێی دەبێت.

سەرچارە (ڕۆژنامەی الزمان) ژمارەی ڕۆژی ٢٠٠٧/٤/١